# پەرلەمانی کوردستان نوێنەری حیزبە نەک نوێنەری خەڵکی ئازادی خواز

تایەر حاجی حەسەن



سیستمی ناعەدالەتی بۆرژوازی خۆی لەهەناوی خۆیدا هەڵگری جەمسەرێکی سەرەکی نایەکسانی ژیانە. بۆ شاردنەوەی ئەم رووە دزێویەشی پێویستیەکی سەرەکی بە جۆرێک لە پیشاندانی دادپەروەری و هەقخوازی بۆ دەسەڵاتەکەی هەیە و دێت لە پشتی دامودەستگا داپڵێسەنەرەکانیەوە، رووپەکی ترو پەرچەمێکی بەناو دیموکراسی خوازی و ئازادی خوازیش دروست دەکات، بۆیە باشترین رێگا بۆ خۆدەربازکردن لە دیوە دزێوەکەی پەنا دەباتە بەر شتێک کە ناوی پەرلەمانە و هەر لەم رێگایەشەوە، شەرعیەتێکی یاسای بەخۆی دەدات و خۆی وەک نوێنەری راستەقینەی سەرجەم چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگا نیشان دەدات.

پەرلەمان لێرەدا ئەو رووە ناڕاستەوخۆیەی دەسەڵاتە. لەلایەک وەک دەستگایەکی راستەخۆ هەڵبژێردراوی ناو کۆمەڵگا دەردەکەوێت و لە لایەکی دیشەوە دەبێتە پایەیەکی سەرەکی بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی دەسەڵاتی بۆرژوازی.

لە باشترین حاڵەتدا رەنگە خەڵکانێکی زۆر هەبن وڵاتانی ئەوروپا و سیستمە پەرلەمانیەکەی بکەن بەنموونە بۆ جێکەوتنی تەواوی ئازادیەکانی رادەربرین و جێگەیەک بۆ مشتومری یەکلاکردنەوەی خاڵە جێکەوتەکانی ناو دنیای نایەکسانی نێوان چینەکان لە هەموو بەشەکانی ژیاندا. بەڵام لە ئەوروپاشدا ئەم دەستگایە تەنها کاتێک دەتوانێت راستیەکان بدرکێنێت ئەگەر هێزە کۆمەڵایەتیەکان لە مەیداندا بن دژی دەسەڵات، ئەگینا بە هەرجۆرە لێکدانەوەیەکی دی پەرلەمان تەهنا بۆ چاوبەست کردنی رای گشتی کۆمەڵگایە لە بەرانبەر ناعەدالەتیەکانی سیستمی سەرمایەرداریدا.

ئازادی رادەربرین و ئازادی رۆژنامەگەری کاتێک دەتوانێت واقعیەتی خۆی بسەلمێنێت کە خەباتی خۆی گرێبداتەوە بە ئازادی چینە بەشخوراوەکان و لەگەڵ ئەودا بەیەک دەست بێنە مەیدان بۆ سەپاندنی ژیانێک و ئاسایشێک کە شایستەی فەهمێکی ئینسانیانە بێت. ئەوەی ئەمرۆ رۆژنامە نووسان لێی بە رەخنەن، دەبوا هەر لەسەرەتای کاریانەوە ئەو دەرکە رۆشنەیان هەبوایە کە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، نوێنەری راستەوخۆی حیزبن و پێشوەخت لەلایەن حیزبەکانیانەوە ئامادە کروان، ئەنجا بە کۆمەڵگا دەڵین وەرن دەنگ بدەن بە نوێنەری خۆتان.

دیارە لە کوردستان هەمان چەشنی عێراق بەگشتی ئازادی رادەربرین و خۆپیشاندانێک بۆ باشتر کردنی ژیان، راستەوخۆ لەلایەن دەسەڵاتەوە بە هێز رووبەرووی بوەتەوە و پەرلەمانیش نەی توانیوە لەتەمەنی خۆیدا بەردێک بخاتە سەربەردێک کە بەقازانجی خەڵکی ئازادی خواز و بەشمەینەت تەواو بووبێت. هێندەی نمایندەی راستەوخۆی حیزب و گوێلەمستی ئەو لایەنە بووە کە دایناوە، نیو هێندە خەمێکی لای خەڵکی رەشورووت نەبوە. بۆیە دەبێت دڵگران نەبن لەوەی کە پەرلەمان بتوانێت جێگەی ناڕەزایەتیەکانی ئێوەی تێدا ببێتەوە، چونکە لە ئەساسدا ئەو پەرلەمانە پردی پەڕینەوەی داخوازیەکانی خەڵکی نیە بۆ ژیانێکی باشتر.

هەر ئەو پەرلەمانەی ئێستا لە عێراقیشدا هەیە دەنگی بە کۆمەڵە بڕیارێکی وا دواکەوتوانە داوە کە ئیتر پێویستیەتی ئەو بڕیارانە تەنها کالآیەکە و بەقەد بالآی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتدا بڕاوە، ئەگەر نا  خێرو خۆش کەیفیەکی تیدا نیە بۆ کۆمەڵگایەکی نوێی دوای ڕوخانی ڕژێمێکی دیکتاتۆری. ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری ڕاستەقینەی ئەو جەماوەرە چەوساوەیە ببوایەن دەبوا  ئامادە نەبوایەن بەرانبەر ئەو هەموو ناعەدالەتیەی ئەمرۆ لەکۆمەڵگادا هەیە و ئاوا چاوی خویانی لێبنوقێننو سەرگەرمی سەپاندنی داخوازیەکانی خۆیانبن لە حکومەت.  بە ڕاستی ئەوان نوێنەری خەڵکی بەشمەینەت و ئازادی خواز نین و تەنها فەرمانبەرێکی گوێڕایەڵی مانەوەی بەرژەوەندیە پاوانخوازەکانی دەوڵەتن، ئەگەر وا نەبوایە دەبوو دەمێک بوایە ئەو جێگایەیان بە جێبهێشتبایە!

ئەمڕۆ هەر خودی ئەو پەرلەمانەیە دیفاع دەکات لە مانەوەی دین لە ناو دەسەڵاتدا و هەر خودی ئەو پەرلەمانەیە دیفاع لە دابوو نەریتێک دەکات کە هەموو پێگەکانی هەڵگری بوونیاتێکی زۆر کۆن و نابەجێن بۆ ژیانێکی هاوچەرخانە. دەکرێت بپرسین داب و نەریت تا ئێستا توانیویەتی چ پێشکەوتنێک بە ڕووی کۆمەڵگادا بکاتەوە، هێندەی خەریکی گەڕانەوەی هەموو پێگەکانی کۆمەڵگاشە بۆ چەرخە کۆتاییپێهاتوەکانی ژیانی مرۆڤایەتی؟

ئەمە ئەرکی دابوو نەریتە و ئەمڕۆ پەرلەمان بە قودسیەتی لە قەڵەم دەدات، لە بەرانبەردا ئازادی ڕۆژنامەگەری بەرتەسک تر دەکاتەوە، تا ئەو پنتە ئازادیەش کەبەرهەمی خەڵکی خۆیەتی  هێندەی تر قەتیسی بکات، بەخاتری دەست نەدان لە ڕوە دزێوەکانی دەسەڵات و دابوو نەریت. ئەوان ئەگەر بزانن هەرچ شتێک زەرەر بەدەسەڵات دەگەیەنێت، وەک هەربەشێکی دی پایە سەرەکیەکانی ناو دەوڵەتی ناعەدالەتی بۆی دێنە مەیدان و بە ڕویدا دەوەستنەوە. ئەگەرنا بۆ تا ئێستا ئەو هەموو ناڕەوایەتیەی بەرانبەر ژنان و خەڵکی بەشمەینەت دەکرێت تا ئێستا هەڵوێستێک بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی بە کردار، بۆی نەهاتوونەتە مەیدان.

دەکرێت بڵێین سیستمی چەوسێنەری بۆرژوازی ئیتر لە هەرکام خاڵدا چەقی بەستبێت، وەک تۆڕێکی جاڵجاڵۆکە ئاسا خۆی دەکات بە ناو هەمولایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا و هەمیشە لە خەباتی ئەوەدایە تەواوی ڕوی کۆمەڵگا داگیر بکات و بەقازانجی خۆی  لە نێو خۆیدا بیتوێنێتەوە. ئیتر ئەم کارەی دەسەڵات سەرجەم کایەکانی ناو کۆمەڵاگا دەگرێتەوە، تا دەگاتە قەوارەیەک کە ناوی نیشتمان و نەتەوەیە.

ڕاستییەک زۆر گرنگە کاتێک بتوانرێت بگەی بەو بڕوایەی کە پەرلەمان تەنها بۆ شاردنەوەی چەوساندنەوە ناڕەواکانی دەسەڵات بنیات نراوە، نەک بۆ یەکلاکردنەوەی داخوازیە ڕەواکانی سەرجەم خەڵکی ئازادی خواز و بەشمەینەت!

هۆڵەندا
2007/12/14